له زیودا کەمتر له پێنج ئۆقیه زەکاتی تێدا واجب نابێت، وله وشتردا کەمتر له پێنج دانەیان زەکاتی تێدا واجب نابێت، وله بەروبوومی دانەوێلە وکشتوکاڵیش کەمتر له پێنج وسق زەکاتی تێدا واجب نابێت

له ئەبی سەعیدی خودریەوه -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له زیودا کەمتر له پێنج ئۆقیه زەکاتی تێدا واجب نابێت، وله وشتردا کەمتر له پێنج دانەیان زەکاتی تێدا واجب نابێت، وله بەروبوومی دانەوێلە وکشتوکاڵیش کەمتر له پێنج وسق زەکاتی تێدا واجب نابێت». تێبینی: (یەک ئۆقیه: چل درهەمی زیوه، واتا کەمتر له دوو سەد درهەم زەکاتی تێدا واجب نابێت، که پێنج ئوقیەکه دەکاته: 595 گرامی زیو). (یەک وسق: شەست صاعه، پێنج وسقیش دەکاته: سێ سەد صاع، هەر صاعێکیش نزیکەی دوو کیلۆ وچل گرام دەکات، که پێنج وسقەکه: نزیکەی 612 کیلۆ دەکات).

[صەحیحه] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

زەکات دڵدانەوەی هەژارەکانه له لایەن دەوڵەمەندەکانەوه، ئەو کەسانه زەکات نادەن که پارە ومووڵکیان کەمه وبه دەوڵەمەند دانانرێن. شەریعەت نزمترین ڕێژەی دیاریکردووه که زەکاتی لێ واجب دەبێت، بەڵام ئەو کەسەی که لەو ڕێژەیه کەمتری هەبێت به هەژار دادەنرێت وزەکاتی لێوەرناگیرێت. ئەو کەسەی زیوی هەیه، زەکات واجب نیه لەسەری هەتا نەکاته ڕێژەی پێنج ئۆقیه وهەر ئۆقیەک چل درهەمه، بۆیه کەمتری ڕێژەی زەکاتدان له زیو دوو سەد درهەمه، که یەکسانه به: 595 گرام زیو. وئەو کەسەی وشتری هەیه، زەکاتی لەسەر واجب نابێت، هەتا له پێنج دانه تێپەڕ نەکات، وئەگەر له پێج دانه کەمتر بێت ئەوا زەکاتی لەسەر واجب نابێت. وئەوەی خاوەن بەرهەم ودانەوێڵەیه، زەکاتی لەسەر واجب نابێت هەتا بڕی بەرهەمەکەی نەگاته پێنج وسق وهەر وسقێک دەکاته شەست صاع، وکەمترین بڕ بۆ دەرکردنی زەکات له بەروبوومی دانەوێڵە 300 صاعه که دەکاته 612 کیلۆگرام.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4547